نیشتیمانێکی سەربەخۆ    کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر    جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان
سکرتێری گشتی

Rizgary Party of Kurdistan
Secretary-General

ژمارە :    بابەت/ پشتگیری    مێژوو: 2014-07-03

## بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون.**

ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا خواستی بەڕێزتان بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆم بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی باشووری کوردستان، بە خواستی رەوا و دێرینەی نەتەوەکەمان دەزانین و بە تەواوی پشتیوانی لێدەکەین، هەروەها خوازیارین و دڵنیاین کە لە رێی بەرێوەبردنی ریفراندۆمەوە گەلەکەمان بە سەربەخۆیی خۆی دەگات .

ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان بەرێوەبردنی ریفراندۆم سەرپشک دەکرێ، چونکە لە ساڵی ١٩٩٣ و لەگەڵ راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستاندا تەنیا هێزی باشووری کوردستان بووین کە دروشمی بەرێوەبردنی ریفراندۆممان بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی بەرزکردەوەو شێلگیرانە بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاین، ئێستاش جێی خۆشحاڵیمانە کە دوای تێپەربوونی ٢١ ساڵ بەسەر بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە، بۆ سەربەخۆیی کوردستان پەنا بۆ ریفراندۆم دەبردرێ و تێکرای خەڵکی کوردستانیش بە تاسەوە باوەش بۆ ریفراندۆم دەکەنەوەو بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چرکەژمێری دەکەن.

حزبی رزگاریی کوردستان کرۆکی تێکۆشانی خۆی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی چڕ کردبۆوە، ئێستاش هەموو بە توانایەکەوە پشتیوانی لە هەڵوێستی بەڕێزتان دەکەین کە نەخشەرێی ئەو ئامانجەتان بۆ پەرلەمانی کوردستان هێناوەتە رۆژەڤەوە.

وێرای ئەوەی کە رەوشێکی ئاوارتەو کەموێنە بۆ گەیشتن بە خواستەکانی گەلی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بەڵام زۆر گرنگ و پێویستە کە حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسیەکانی کوردستانەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێست بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و باوەرهێنان بە دۆستانی گەلەکەمان لە بواری سیاسی و دیبلۆماسی و میدیاییدا پەلە لە زەمینەسازی بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بکەن. هەروەها ئەرکی تێکرای رۆشنبیران و وڵاتپارێزانی کوردستانیشە کە بەرەو ئەو ئامانجە یەکگرتووانە تێبکۆشن.

سەرکەوێ خەبات لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار دا

**رێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**

www.rpk93.org    rekarahmed@hotmail.com    Tel:07501191497
هەولێر/ گەرەکی راستی، شەقامی دووسایدی راستی